# هەواڵ هەواڵ

## سەدوپەنجا ملیۆن دینار بۆ فیستڤاڵی سالار

رۆژی ٢٠٠٦/١١/١٠ فیستڤاڵی شانۆی سالار لە شاری سلێمانی دەستی بەکارەکانی خۆی کرد و چوار رۆژ دەخایەنێ. حکومەتی هەرێمی کوردستان بری ١٥٠ ملیۆن دیناری بۆ بەرێوەبردنی یەکەمین فێستڤاڵی شانۆی سالار تەرخان کردووە . تەرخانکردنی ئەو پارەیە مشتومڕی زۆری لەنێوان هونەرمەندان دروست کردووە ، هەندێک پێیانوایە کە دەتوانرا بەپارەیەکی زۆر کەمتر لەوە فیستڤاڵەکە سازبکرێ . هەندێکی دیکە رەخنە لە حکومەتی هەرێم دەگرن و ئەمە بە زێدەرۆیی دادەنێن و خوازیاربوونە کە ئەو پارەیە بۆ پرۆژەکانی دیکەی هونەری تەرخان بکرابوایە ، لەوانەیە ١٠ پرۆژەی بەرهەمدارتری پێ ئەنجام دەدرا .

## گورگ زیان بە مەڕداران دەگەیەنێ

لە هەفتەکانی رابردوودا چەندین جار هەواڵی ئەوە بڵاوبۆوە کە گەلە گورگ هێرش دەکەنە سەر گوندەکان و زیان بە مەڕداران دەگەیەنن ، رۆژی ٢٠٠٦/١١/٦ گەلەگورگێکی برسی پەلاماری میگەلی ( هەژار عەبدوڵلا کەریم)یان دا کە دانیشتووی گوندی جێشانەی نزیک ئەشکەوتی هەزار مێردە ، لە ئاکامدا نزیکەی ٧٠ سەر پەز مردار بوونەوە .

## شوانێک گیان لە دەست دەدات

کەپکە شاخێک بەسەر شوانێک و مێگەلە مەڕەکەی دادەڕمێ ، لە ئاکامدا شوانەکە بەناوی (ع. ر) گیان لە دەست دەدات و ژامرەیەک مەڕیش وەژێر دارمانەکە دەکەون و دەمرن.

بەگوێرەی هەواڵ، شوانێکی دەڤەری پشدەر بۆ پاراستنی گیانی خۆی و مێگەلە مەڕەکەی لە ترسی باران و لافاو پەنا بۆ ژێر کەپکە شاخێک دەبات ، بەڵام مخابن لەبەر زۆری باران بارین کەپکە شاخەکە بەسەریاندا دەڕمێ ، لە ئاکامدا شوانەکە گیان لەدەست دەدات و نزیکەی ٦٥ سەر مەڕیش لە ناو دەچن .

## بنگرد: فێرگەی ناوەندی پەکی دەکەوێ

بەگوێرەی هەواڵ بەهۆی نەبوونی مامۆستا ،خوێندنی ئەمساڵ لە فێرگەی ناوەندی بنگرد پەکی دەکەوێ . بەوهۆیەوە زۆربەی فێرخوازان روویان لە رانیەو شارۆچکەکانی دەوروبەر کردووە . بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکە خەڵکی ناحیەی بنگرد لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناحیەکە کۆبوونەتەوەو داوایان لێکردوون کە بەزووترین کات چارەسەرێکی گونجاو بدۆزرێتەوە، لەو پێوەندیەدا داوا لە بەرێوەبەرێتی پەروەردەی رانیەو دووکان کراوە کە هەوڵی شێلگیرانە بدەن و گرفتەکە چارەسەر بکەن .

## سێ ژن دەکوژرێن

رۆژی ٢-١١-٢٠٠٦ دوو برا بەناوەکانی (س. م، ت. م) دانیشتووی ناحیەی سیدەکان بەهۆی کێشەیەکی خێزانیەوە بەشەر دێن وبە خەستی تەقەلەیەکتر دەکەن ، لەو نێوەدا دایک و خوشکێک و ئامۆژنێکیان بریندار دەبن ، لەبەر سەختی برینەکانیان گیان لەدەست دەدەن، هەروەها ( ت. م) بریندار دەبێ و رەوانەی نەخۆشخانەی سۆران دەکرێ.

## دارەتوو : کچێک دەسووتێ

کاتژمێر ٢٢ی رۆژی ٢٠٠٦/١١/٧ کچێکی تەمەن ( ١٩) ساڵ ، دانیشتووی کۆمەڵگەی دارەتوو ، بەناوی (ئا.ر.ح) لەبەر کێشەی بنەماڵەیی نەوت بەجەستەی خۆی دادەکات و خۆی دەسووتێنێ . بەگوێرەی هەواڵ هۆکاری خۆسووتاندنەکە دەگەرێتەوە بۆ رەفتاری نابەجێی مامی لەگەڵ قوربانیەکەدا، وا بڵاوە کە کچەکە پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ خزمێکی خۆیدا هەیە و دەیەوێ شووی پێبکات، بەڵام مامی کچەکە رازی نابێ و رێگری لێدەکات ، ئەویش لەداخی مامی کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێ .

بەگوێرەی هەواڵ ماوەی چەند ساڵێکە دایک و باوکی ئەو کچە نەماون، ئەویش لە ماڵی مامی دەژی . کچەکە بە پۆلیسی راگەیاندووە کە لە داخی مامی خۆی سووتاندووە .

## باڵەکایەتی : کارگەیەکی غاز دەسووتێندرێ

بەگوێرەی هەواڵ هەفتەی رابردوو لە گوندی دێلیژیان کارگەیەکی غاز لەنیوە شەودا دەسووتێندرێ و زیانێکی زۆری لێدەکەوێ.

هەرچەندە تا ئێستا هۆکاری سووتاندنی ئەو کارگەیە نەزانراوە ، خاوەنەکەشی جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە ناکۆکی لەگەڵ کەسدا نیە ، وەک زانراوە خاوەن کارگەکە لایەنگری لایەنێکی سیاسیە، گومان لەوە دەکرێ کە ئەندامانی حزبی دەستەڵاتداری ناوچەکە بەمەبەستی ترساندن و زیانلێدان ئەو کارەیان کردبێ .

## گوندی جێشانە داوای کارەبا دەکەن

گوندی جێشانە کە دەکەوێتە نزیک ئەشکەوتی هەزار مێردەوە، ماوەی دوو ساڵە ستونی کارەبایان بۆ داناون ، بەڵام تاکو ئێستا هێڵی کارەبایان بۆ رانەکێشرایە. ئەوەی شیاوی باسە ژمارەی گوندەکە ٣٠ سەرخێزان دەبن و تا ئێستا بنکەی تەندروستیشی لێنییە، وە داواکارن لە لایەنی پەیوەندیدار کە بە هانایانەوە بچن

## کوردایەتی هەردی لەدەست دا

بەداخ وپەژارەوە، کوردەواری رێنوێن وشاعیرێکی دیکەی گەورەی خۆی لەدەست دا.

مەرگی هەردی ،مامۆستای رێگەی نەتەوە خۆشەویستی، کەسایەتی هەرگیز نەچەماوی رێبازی ئامانجی پیرۆز کەلێنی گەورە و پەژارەی زیانێکی نوێ بوو لەجەستەی کوردستانی پایەدار، لەم روانگەیەوە بەم بۆنەو هۆیەوە، لەکوردستان، لەکوردایەتی و لەبنەماڵەی مامۆستای بەرێز سەرەخۆشی وپرسە دەکەین، دەوامی رێگەی ئامانجی پیرۆزی بەرێزیان، ئاواتەخوازین

**رێکار ئەحمەد**
**حزبی رزگاریی کوردستان**

**ئەمیر قازی**
**پارتی سەربەخۆیی کوردستان**

**٣٠-١٠-٢٠٠٦**

## حکومەتی هەرێم جیاکاری لە نێوان زیانلێکەوتووان دەکات

لە چەند سەرچاوەیەکەوە بە ئاژانسەکەمان راگەیێنرا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرەق و جودایی لە قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی لافاوەکانی باشوور ی کوردستاندا دەکات . بە گوێرەی ئەو هەواڵانە حکومەی هەرێمی کوردستان خێرا بڕیاری دا گوندی (بلێ) قەرەبوو بکاتەوە و زیاد لە ٨٠ خانووبەرە بۆ قوربانیان دروست بکاتەوە هەروەها سەرۆکی هەرێم سەردانی گوندی بلێ ی کرد، بەڵام تاوەکوو ئێستا بەڵێنی بە قوربانیانی ناوچەکانی تری باشووری کوردستانیان نەداوە کە ئەوانیش تووشی لافاو بوون و زیانی گیانی و ماڵیی زۆریان پێ کەوتووە . قوربانیانی لافاو دەڵێن پێویستە قەربووی هەموو قوربانیانی لافاو بکرێتەوە بە هەمان شێوەی ناوچەی (بلێ). هەروەها دەڵێن دەبێ قەرەبووکردن بە گوێرەی بڕیارێک و یاسایەک بێت و نەک بە ئارەزووی دەسەڵاتداران .

**ئاژانسی نووچێین کوردستان**

## سلێمانی :

## خاوەن کارگەیەکی غاز زیندانی دەکرێ

**هەواڵەکان** : زانا محەممەد سالح قایماقامی قەزای ناوەندی سلێمانی ئاشکرایکرد کە توانیویانە لە کارگەی غازی (نالی) دەست بە سەر ئۆتۆمبیلێکی دوو تەنیدا بگرن کە ١٠٠ بتڵ غازی تێدابووە ، خاوەنی کارگەکە بەنیازبووە لە بازاڕی رەشدا بیانفرۆشێتەوە. ناوبراو رۆژی هەینی رابردوو لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئەو هەواڵەی بە دەزگاکانی راگەیاندن دا. بەگوێرەی قسەی قایمقام خاوەنی کارگەکە دانی بە تاوانەکەی ناوەو رایگەیاندووە کە نیازی بووە رەوانەی بازاڕی رەشیان بکات و بە گران بیانفرۆشێتەوە .بەوهۆیەوە ناوبراو رەوانەی زیندان کراوەو بڕیاروایە لە رۆژانی دواییدا یکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێ و دادگەیی بکرێ .

## بەختیار سالح بەرەو هەندەران دەڕوا



سەرچاوەیەکی تایبەت بە هەفتەنامەی (رۆژی گەل)ی راگەیاند کە هونەرمەند بەختیار سالح کوردستانی جێهێشتووەو ئێستا لە وڵاتی یۆنان گیرساوەتەوە . بەگوێرەی سەرچاوەکە ناوبراو دەیەوێ بچێتە وڵاتی نەمساو بە دەستگیرانەکەی شاد ببێ . شیاوی باسە ماوەیەک لەمەوبەر ناوبراو بە تۆمەتێک دەستگیر کرابوو.

## شیرەییەکان داوای کارەبا دەکەن

رۆژی٣-١١-٢٠٠٦بەمەبەستی درێژەدان بە پرۆژەی بەستنی هێڵی کارەبای نێوان دوکان – بێخمە ، کە لەلایەن ژمارەیەک ئەندازیارو کرێکاری هندییەوە دەستی بەکارەکانی خۆی کردووە، لەنزیک گوندی شیرەی سەرو شیرەی خواروو رووبەڕووی نارەزایی خەڵکی ئەو دوو گوندە دەبنەوە. خەڵکی ئەو دوو گوندە رێگەی کارکردنیان لێگرتن و پێیان دەڵێن یا پشکی ئێمەش لەو کارەبایە دەدرێ یان رێگە نادەین بەسەر زەوی ئێمەوە کارەبا تێپەڕ بێ .

شیاوی باسە ئەمە دووەمین جارە ئەو داوایە دووپات دەبێتەوە ، ساڵی پار لەهەمان پرۆژەدا خەڵکی گوندی دۆڵی ئاڵانەی هەرووتیان لەبەر نەبوونی کارەبا رێگەیان نەدا ئەو پرۆژەیە بە نێو ئاقاری گوندەکەیان تێپەڕ ببێ ئەگەر پشکی ئەوان لە کارەبا نەدرێ .

## پیرمام: لەبەر رەدووکەوتنی کچێک، بنەماڵەی کوڕێک دارکاری دەکرێن

رۆژی ٥-١١-٢٠٠٦ گەنجێکی دانیشتووی ناحیەی پیرمام لەگەڵ خۆشەویستەکەی کە سەربەهۆزێکی دیکەیە بڕیاری هاوسەرێتی دەدەن و سەرهەڵدەگرن . بەگوێرەی هەواڵ بنەماڵەی ئەو کچە ناتوانن رێگە بە کچەکەیان بدەن شوو بە کەسێکی دەرەوەی هۆزەکەی خۆیان بکات ، کچەکە ئەو راستیە بە کوڕەکە دەگەیەنێ ، بەناچارییەوە یاخی دەبن و بڕیاری هاوسەرێتی دەدەن . هەر هەمان رۆژ چەند چەکدارێک کە خزمی کچەکە دەبن هەڵدەکوتنە سەر ماڵی کوڕەکە ، دایک و باوک و خوشک و براکانی دارکاری دەکەن و هەڕەشەشیان لێ دەکەن ئەگەر بە زووترین کات کچەکە نەدۆزنەوە ، ئەوان هەموویان دەکوژرێن ، ئەوانیش لە ترسان سەری خۆیان هەڵدەگرن و پیرمام جێ دەهێڵن .

ئەوەی شیاوی باسە ئەمە یەکەمین رووداو نیە کە لە دەڤەری پیرمام دووبارە دەبێتەوە . بەهۆی ئەو تێکەڵاویەی کە لەدوای راپەڕینەوە لە دانیشتووانی ناحیەی پیرمام هاتۆتە ئاراوە ، ئەو رووداوانە بەردەوام دووپات دەبنەوە، چونکە هەندێ هۆز ئامادەنین کچی خۆیان بە کەسانی دەرەوەی هۆزەکەی خۆیان بدەن ، بەڵام کوڕەکانیان ئازادن ئەگەر کچی هۆزەکانی دیکە بخوازن ، بەمەش کێشەو گرفتی خێزانی لە ناوچەکە دووپات دەبێتەوە .

## گردجان :

## گوشار بۆ سەر هەژاران دەستی پێکردۆتەوە

بەگوێرەی هەواڵ لەسەر کۆنە خانووەکانی وێستگەی تووتنی بنگرد جارێکی دیکەش کێشە لە نێوان قایمقام و نیشتەجێبووانی ئەو خانووانە کە ژمارەیان ٢٣ خانوو دەبێ و لە لایەن ٢٣ خێزانی هەژارەوە کرداوەتە شوێنی ژیان، سەری هەڵداوەتەوە. بەرپرسانی ناوچەکە بەبیانۆی ئەوەی کە بڕیاری تێکدانی ئەو خانووانە دەرچووە و زەویەکەش دەکرێ بە کۆمپانیا ،گوشار بۆ سەر خەڵکەکە دەهێنن و داوایان لێ دەکەن بە زووترین کات چۆلی بکەن .

ئەوەی شیاوی باسە ئەوانەی لەو خانووانەدا نیشتەجێبوونە هەموویان خەڵکی هەژاران و لە ناچارییەوە پەنایان بۆ ئەو خانووانە بردووە، خەڵکەکە ئامادەن خانووەکان چۆل بکەن ، بەومەرجەی قەرەبوو بکرێنەوە و زەوی دیکەیان پێبدرێ. ئەوان دیاریان کردووە ئەگەر حکومەت وازیان لێنەهێنێ و پۆلیس رەوانەی سەریان بکات ، هەڵوێست وەردەگرن و پەرچەکردار پێشان دەدەن، لە هەنگاوی یەکەمدا رێگەی نێوان رانیە - سلێمانی دەگرن .

## هەواڵی سەیر

* بە گوێرەی هەندێ سەرچاوە بۆ ئەمساڵی خوێندن (١٨ ملیۆن دۆلار) لە لایەن حکومەتی عێراقیەوە تەرخانکراوە بۆ کرینی (پەراوگە)ی قوتابیان، بەڵام بەهۆی بازرگانی کردنی کۆمەڵێ بەرپرس لە کوردستان و عێراق و هێنانی پەرواگەیەکی زۆر ئەم ساڵ یەک دانە قەڵەم و وەرەقە نەدرا بە قوتابیان. ئەوە دیکتاتۆر حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوو کە کوردی ئەنفال و کیمیاباران کردووە، ئەی دەبێ ئەو برادەرانە بۆچی بەزەییان بە منداڵ و پاشماوەی ئەو ئەنفال و شەهیدانەدا نەیەتەوە.

* لە هەفتەی رابردوو ژنێک بەناوی (م) تاقمێکی ئاڵتونی خەلیجی لە زەڕەنگەرێکی چەمچەماڵ دزی و نەیزانی کامێرەی نهێنی چاودێری دەکات، دوای ئاشکرابوون درایە پۆلیس و زیندانی کرا، پاشان دەرکەوت کە ژنەکە ماڵیان لە سلێمانییەو ئەمانە تۆڕێکن و خەریکی ئەم جۆرە کارانەن و کوڕێکیشی لە شوێنێک بەرپرسە.

* ئاوارەکانی کەرکوک چاوەڕوانی ئەوەن کە دوای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) هەرماڵێک بە پێی فۆڕم (٥٠ وەرەقە) دۆلاریان پێ بدرێ. بۆیە لە جیاتی ئەوەی لیژنەیەکی باڵای یەکگرتووی ئاوارەکان دروست ببێ بە پێچەوانەوە کراون بە دوو کەمپی جیاواز لە نێوان هەردوو حزبە دەستەڵاتدارەکەی کوردستان هەر یەکەیان لایەنێک سەرپەرشتی بکات بۆ پێدانی ئەو پارەیە کە دەڵێن ساڵی (٢٠٠٠٠) دەدرێ.

* پردەکەی ( عبدلرەحمان روکن) پارێزگاری کەرکوک رووخا. ساڵی پار لەسەر رووباری خاسەی ناو کەرکوک پردێک دروست کرا کە گەڕەکی ئازادی دەبەستێ بە گەڕەکی رەحیم ئاواوە. هەر ساڵی پار بەیەک لافاو سەرجەم شیش و بۆڕییەکانی برد، ئەم ساڵیش یەکەم لافاو پردەکەی بە جارێ تێکدا. لە کاتێکدا دوو پردی دیکە لە کەرکوک لە زەمانی مەلیکییەوە دروست کراون و چەندینجار لافاو لە بانییەوە رۆیشتووە، هیچیشیان بەسەر نەهاتووە.

* تیرۆریستێکی بەناوبانگی کەرکوک دەستگیرکرا. ئەو پێشمەرگانەی کە دەستگیریان کرد وێنەیەکی یادگارییان لە گەڵدا گرت و رەوانەی یەکێک لە شارەکانی کوردستان کرا، بەڵام بەفەرمانی ئەمەریکییەکان گێڕدرایەوەو پاش ماوەیەک لەبازاڕ تووشی بوو بە تووشی یەکێک لە پێشمەرگەکان کە وێنەیان لەگەڵ گرتبوو، وەلێ ئەم جارە پێشمەرگەکە لە ترسان خۆی شاردەوە.

* شارەوانییەکان هاوین خەوتوون و زستان وریان. بۆیە دیسانەوە هەڵمەتی هەڵکەندنی قیرتاوە تازەکان دەستی پێ کردۆتەوە لە کەرکوک و چەمچەماڵ و هەندێ شوێنی دیکە وەکو ئەوەی هەموو شوێنێک چاککراوە تەنها ئەو قیرو چیمەنتۆ تازانە نەبێ.